راپۆرته هەواڵ:

# مەشقی کاری خۆبەخش
# پرۆژەی هەزار و یەک توانا
# بۆ ژنانی کورد لە شاری دەنهاخ و دەوروبەر

**ڕاگەیاندنی یانەی کوردی "میدیـــا"**



لە زنجیرە چالاکییەکانی وەرزی نوێی یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە، کە شێواز و جۆری کارەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیان بەسەردا هاتووە، تایبەت بە ژنانی کورد و لە شارەکانی دەنهاخ، ڕۆتەردام ئەمستردام، برێدا، ئۆتریخت و نایمێخن پرۆژەی مەشقی چۆنێتی کاری خۆبەخش بۆ چەندین گروپی ژنانی کورد ئامادەکراوە، بە هاوکاری یەکێتیی ژنانی کوردستان لە هۆڵەندە بە ناونیشانی (پرۆژەی هەزار و یەک توانا )، لە لایەن چەند ڕاهێنەرێکی تایبەتمەند و پسپۆڕ کە بریتین لەم بەڕێزانە:
(Ilkay Nefin Gûclû ،Trees Rooijendijk ،Josê Laheij ،Fethi Killi) خولەکە ئۆکتۆبەری 2007 دەستی پێکردووە و وا بڕیارە، تا کۆتایی ساڵی 2007 کۆتایی بێت.
خولەکە لە چوار شاری گەورەی هۆڵەندە و دوو شاری مامناوەندی، کە ژمارەیەکی بەرچاوی ژنانی بێگانەی تێدایە، ژنانی کوردیش بەشێکن لەو گروپە، تا چالاک بکرێن و ئامادە بکرێن بۆ کارکردن لە ناو ڕێکخراوەکاندا وەک کادری خۆبەخش، وا بڕیارە ئەم پرۆژەیە 1200 ژنی بێگانە بگرێتەوە، ژنانی کورد زۆرترین ڕێژەیان بەر دەکەوێت بەشداری ئەم پرۆژەیە بکەن.

## ئامانجی پرۆژەکە:

ئامانج و مەبەستی پرۆژەکە ئەوەیە، کە بەشداربووان بریتی بن لە ژنان و بتوانن بە هۆی ئەم خولانەوە بگەن بەم خاڵانە:

1- خۆیان متمانە بە خۆیان پەیدا بکەن و گەشە بکەن.
2- پێشبینی زیاتر بە دەست بهێنین بۆ جۆرێتی لە خۆیاندا.
3- خۆگر و بەرەنگار و گەشە کردوو بن.
4- هوشیارییان هەبێت و هێز و توانا و لاوازی خۆیان بزانن لە چیدایە.
5- زانیاری زۆر پەیدا بکەن دەربارەی زەمینە و ئەو توانایانەی لە کاری خۆبەخشدا هەن.
6- لەگەڵ ئەزموونی کەسێتی خۆیدا هەنگاو بنێت و بتوانێت، بەرەو پرۆسەی خۆپێگەیاندن و پێشکەوتن هەنگاو بنێت بە ڕێگەی کاری خۆبەخشەوە بۆ کاری دڵخوازی خۆی.

## ئەنجام:

ئەنجامی مەشقەکە پلانی چالاکیەکی کەسایەتییە، کە هەموو ژنێک ئاوات، ئارەزوو، بڕوانامە و ئەزموونی خۆی هەیە، پاشان بەرەو قوناغێکی دیکە هەنگاو دەنێ و دەتوانێت ئەم پرسیارانە لە خۆی بکات و پاشان وەڵامی بۆ ئامادە بکات:

1- من دەتوانم چی بکەم..؟
2- جۆرێتی من چییە بۆ کارکردن..؟
3- من چیم دەوێ..؟
4- من دەچم... چی بکەم..؟

## ڕێگەی کار کردن:

لە مەشقەکەدا بە ڕاهێنانەوە لەم ڕووانە دوواون:

1- کارکردن و بە کۆنکرێتکردنی ڕاهێنانەکان.
2- ڕاهێنان دەربارەی ئامادەیی و ئەزموونی کار.
3- گفتووگۆ و موناقەشە و ئاخافتن.
4- کورتەیەکی تیۆری و پێشەکی مەشقەکە.

یەکەم گروپی ئەم پڕۆژەیە بە یارمەتی (یەکێتیی ژنانی کوردستان لە هۆڵەندە) ڕۆژانی 20 و 21 ی ئۆکتۆبەری 2007 بۆ 15 ژنی کوردی شاری دەنهاخ و دەوروبەر لە هۆتێلێکی گەشتوگوزار لە Hotel Mercure Den Haag Central بەڕێوە چوو..

پاش کۆتایی خولەکە چەند خانمێکی بەشدار بووی ئەم مەشق و ڕاهێنانەمان دووان و ئەم دوو پرسیارەمان بەرەو ڕوو کردنەوە.

پ 1: تا چەند سوودمەند بوویت لەو مەشق و ڕاهێنانە، چی نوێت لێوەرگرت، حەزت دەکرد باسی چی تری تێدا بکرایە...؟

پ 2: تا چەند ئەم کۆرسانە بۆ ژنانی کورد پێویستە لە تاراوگە....؟




سەرەتا خاتوو نەسرین عەباس بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

کۆرسەکە زۆر جدی و سەرکەوتوو بوو، زانیاری زۆرمان لێ وەرگرت، مامۆستاکە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆمانەوە پرسیارەکانی ئاڕاستە دەکردین و بەهۆیەوە ژن دەیتوانی کەسایەتی خۆی بناسێت و سنورەکانی خۆیی و بەرانبەرەکەی دیاری بکات. بە نمایشکردن و ڕۆڵ گۆڕینەوە مەشقەکە ئەنجام دەدرا.
بێگومان ئەم جۆرە بە یەکگەیشتنانە بۆ ژنانی کورد لە تاراوگە، شێوازێکی هەناسە وەرگرتنە، کە لە غوربەت و نامۆیدا نووقمین، پێویستیەکی گیانیە، کە ڕێکخراوی "میدیـــا" و ڕێکخراوە کوردیەکانی دیکە

پێویسته بەردەوام چالاکی وا ئەنجام بدەن، لەم کۆرسەدا ڕوونکرایەوە بۆچی ئێمە لێرەین...؟ بۆچی هاتووین...؟ چۆن دان بە خۆماندا دەگرین لە بەرانبەر هەڵوێستێکدا، چۆن بە کۆنکرێتی بڕیار بەرانبەر بە کارێک وەردەگرین..؟

## خاتوو نازەنین حەوێزی:

خۆشحاڵ بووم کە بەشداری ئەو مەشقە گرنگەم کرد و لە ڕاستیدا کۆڕو خولی لەم جۆرە ناوبەناو بۆ ژنانی کورد پێویستە لە تاراوگە، تا بتوانن هەست و بیروڕای خۆیان لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە و بیگەیەننە کۆمەڵگای هۆڵەندی تا بتوانن لە کێشەکانی یەکتری شارەزا بن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

## خاتوو ڤیان عەبدولرەحمان:

سەرەتا دەستخۆشی بۆ یانەی کوردی "میدیــا"، بۆ ڕێکخستنی ئەم جۆرە خولە بۆ ژنانی کورد لە هۆڵەندە و سوپاس بۆ یەکێتیی ژنانی کوردستان، کە ئێمەی کۆکردەوە، من وەکو خۆم ئەوە یەکەم جارم بوو بەشداری بکەم لەگەڵ ژنانی کورد، بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵیمە و لە چەند ڕوویەکەوە سودێکی زۆرم لێوەرگرت وەک:
کۆکردنەوەی ژنانی کورد پێکەوە لە لایەک و بیروڕاگۆڕینەوەیان لەگەڵ یەک لە لایەکی دیکەوە، ئەمە جگە لەوە لە ڕێگەی ئەم خولانەوە ئێمەی ژنانی کورد دەتوانین سوودبەخش بین بە چۆنایەتی تێکەڵاوبوون و مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندی و بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵیاندا، بۆ ئەوەی ئەوانیش زیاتر ئێمە بناسن.
ئەوی من لەم خولەدا فێری بووم، ئەوەی چۆن بتوانم بڕوام بەخۆم هەبێت و هەنگاوەکان چین، کە ڕێخۆشکەر بن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندی، بەهۆی کاری خۆبەخشەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە، کە ژنانی بێگانە دەتوانن زیاتر کەسایەتی خۆیان بناسێنن بەو کۆمەڵگایەی تێیدا نیشتەجێن، دواتر ئەوە ڕێگایەک دەبێت بۆ ئەوەی بتوانن هەنگاو بنێن بۆ کارکردن لەو بوارەی خۆیان دەمانەوێت.
بۆ ئەو وەڵامەی بەڕێزتان حەزم دەکرد چیتر لەم کۆرسەدا باس بکرایە..؟ لەبەر ئەوەی ئەم خولە تەرخان کرا بوو بە باسی کاری خۆبەخش، ئەوی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبوو بە تێروتەسەلی لە هەموو لایەنەکانەوە باسی لێوەکرا، جێگەی ڕەزامەندی هەموو بەشدار بووان بوو.
من ئەم جۆرە خولانە بە پێویست دەزانم، بە تایبەت بۆ ئەو ژنانەی تا ئێستا هیچ بوارێکی کاریان بۆ نەرەخساوە، تا لە ماڵەوە بیان هێنێتە دەرەوە تا ڕادەیەک بۆ ئەوەی ئەوانیش دانەبڕێن لەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، چونکە زۆر پێویستە ژنانی ئێمەش بەشداری ئەو چالاکیانە بن، کە لەم وولاتەدا ساز دەکرێت و پێشکەش دەکرێن بۆ ژنان بێجاوازی تەمەن و ڕەنگ و نەتەوە، لەو ڕێگەیەشەوە بتوانن سوود بەخش بن لە زۆر ڕووەوە، ئەمە جگە لەوە لە ڕووی دەروونیشەوە ڕەنگە سوودی زۆری هەبێت.
بە هیوام ڕێکخراوە کوردیەکان، بتوانن هەمیشە ئەم هەلانە بقۆزنەوە و لە دەستی نەدەن بۆ بەرژەوەندی ژنانی کورد لە تاراوگە.

## سەبیحە شێخ خالید:

بە لای منەوە کۆبونەوەیەکی چڕوپڕ و سەرکەوتوو بوو، شەوێک و دوو ڕۆژی بە سوودمان بەسەربرد لەگەڵ کۆمەڵێک ژنی کوردی لە ئاست و تەمەن جیاواز، هەندێکیان لە وولات ئەزموونی کاری دوور و درێژ و خوێندنی بەرزیان تەواو کرد بوو، بەڵام بە هۆی تەمەن یان نەبوونی ئیقامەوە بواری کارکردنیان

بۆ نەڕەخساوە. هەندێکیشیان منداڵ بوون هاتوونەتە ئێرە و لێرە گەورە بوون و خوێندویانە و تیاشیاندا بوو کاریان دەکرد، تێکڕا خولێکی ڕاهێنانی بە سوود بوو بۆ ئێمە، توانیمان بیروڕا بگۆڕینەوە، باسی ئەزموونی کاری لەوەوپێشمان بکەین، لە کۆرسەکەدا ڕاهێنان لەسەر ئەوەکرا، چۆن لەکارێکدا بیت و یەکێک ئیشێکی نەشیاوت بەرەوڕوو بکاتەوە..؟ چۆن فێربیت پێی بڵێیت نا..!
بەهێز بیت بەرانبەری و بڕیاری کۆنکرێتی لەکارەکانتدا وەر بگریت.

## لەیلا بەرزنجی:

سوپاس بۆ یانەی کوردی "میدیـــا"، کە ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندم کە بەشداری لەو مەشق و ڕاهێنانە بکەم، بە گشتی شتێکی سوودمەند بوو. لەبەر ئەوەی ئەبێت بە هۆی زیاتر بڕوا بە خۆ پتەو کردن، زیاتر هەست بە بوونی خۆ کردن، ناسینی کوالیتایەکانی خۆت، دۆزینەوەی لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکان تێدا و چۆنییەتی بەگەڕخستنی خاڵەپۆزەتیفەکان وچاککردن و بەهێز کردنی لایەنە نێگەتیفەکان و هەروەها فێربوونی سەبر و تەحەمول.
ئەویش بەهۆی گێڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی ڕۆژانە لەلایەن ژنان و چۆنییەتی زاڵ بوون بەسەر گرفتەکان، و بەهۆی سوود وەرگرتن لە تەجروبەی یەکترو هەروەها ڕێنمایشکردن لەلایەن begeleider دەکرا بە هەردوو شێوەی تیۆری و پراکتیکی..
ئەم ڕاهێنانە منی فێری ووشەی feedback واتا terug voeding. واتە ڕەخنەی پۆزەتیف و چۆنیەتی مامەڵە کردن لە کاتی feedback گرتن و وەرگرتندا. .
حەزم دەکرد1 تا 2 کاتژمێر تەرخان کرابا بۆ کۆرسێک چۆن بڵێی (nee)، بەڕاستی ئەم جۆرە کۆرسانە بە پێویستی ئەزانم بۆ بە هێز کردنی کاراکتەری ژنی کورد.
وام پێ باشە ئەو جۆرە کۆرسانە بابەتی وەکو چۆنییەتی integratie کردن لەگەڵ کۆمەڵگای هۆڵەندی تێدا بێت. وە بنچینەی integratie کردن لەسەر فێربوونی زمان وەستاوە.
چونکە نەتوانینی قسە کردن بە زمانی هۆڵەندی ئەبێتە هۆی نەتوانینی تعبیر کردن لە ناخی خۆی بە ڕاشکاوانە لە بە دیارخستنی تواناو حەزەکانی و دەرئەنجام نەمانی بڕوا بەخوبوون.

بەڕێزان خاتوو ئاشتی ئەبوبەکر و ڕۆژە عەبدولرەحمان و پەروین شێخ عەبدول بەشدارانی خولەکە جەختیان لەسەرکەوتوویی پرۆژەکە دەکردەوە و داواکاربوون "میدیـــا" زوو زوو مەشقی وایان بۆ ڕێکبخات.

